پەرلەمانتارێکی پارتی داوا لە فەرمانبەرانی هەرێم دەکات لە بەغدا خۆپیشاندان بکەن



ئیخلاس دلەمی پەرلەمانتاری پارتی دیموکراتی کوردستان ئەوە سەشەممە ڕایگەیاند، حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرپرسیار نییە لە قێرانی مووچەی فەرمانبەران، داوا لە فەرمانبەرانی هەرێم دەکات لە بەغدا خۆپیشاندان بکەن بۆ ئەوەی شایستەی دارایی خۆیان وەربگرن.

دلەمی لە لێدوانێکدا بۆ "موتەعە"ی ڕاگەیاندووە، "پرسی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم خراوەتە نێو ئەجێندا سیاسییە دژەکی و هەرەمیەکانەوە کە ئامانجیان ناسەقامگیری ئاسایشی کوردستانە"، ئاماژەی بۆشکرد "سنووری ئەو لایەنانە سنووردارە بە پارێزگاری سلەمانی".
ئاماژەی بۆشکرد، "حکومەتی فیدراڵی مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ڕابردوو مووچەی فەرمانبەرانی نەدا، پێویستە فەرمانبەران لە بەغدا خۆپیشاندان بکەن، چونکە حکومەتی فیدراڵی پارەی شایستەکان دەدات و حکومەتی هەرێمیش داباشی دەکات".